www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 14-7-2006 13:49

# هێلێن مەگری: لە یادی 17 هەمین ساڵیادی شەهیدبوونی د. قاسملوو ... کوردێکی ڕۆژهەلاتی

نمە... نمە سەفەر دەکات شەهیدم بەرەو ئایندە
چ شاییەکی نەمرە تۆ لە سەدە گەورەتری!
ڕووبار... ڕووبار نامیهرەبانی هەڵدەکا و
تۆش
هەر پێشمەرگەی ناو سەنگەری تێکشکاندی خەمی.
بچێنە گیان وەکوو چاندت نەمامی باخی پێکەنین
قاقا لێدە وەکوو هەتاو
ئەی پەیکەری بەرزی ئەوین.
17 ساڵە من و قەندیل و زەردەشت
17 ساڵە من و مەهاباد و سنە
17 ساڵە منو هەزاران بێچووە شەهید
ئای ئەوە هەرئێمەین شانمان داوەتە بە هرووژمی ئەم شاخەمە و
خوا ئەزانی کاتی لە چرکەدا ساڵەهای ساڵ هەدا نادەین
17 ساڵە جیهان بێ تۆ دەژی
ئازادی و ئاشتی و دیموکراسی بێ پێغەمبەر ئەژین
17 ساڵە دەشتی کۆیە وەك سەحراکانی کرماشان و
شاخەکانی هەورامان بۆ تۆ
بۆ تۆی مەزن چاو دەگێرن
چاوە چاوی نیشتمانێکی بریندارە
هۆ ئەورووپای ئینسان!
سوپاس سوپاس بۆ پاریس و میوانداری
سوپاس سوپاس بۆ پیرلاشێز و میوانداری
سوپاس سوپاس بۆ ڤیکتۆر هۆگۆ و شەونشینی شەهیدەکەم
سوپاس بۆ تۆش ئەی میتەرانی باڵا وەك کۆسالان بەرز
من قاسملووی خۆم دەوێتەوە
ئەو ساڵ هەر ئەوساڵ کوردستان دوکتۆری خۆی دوێتەوەو
تەماشاکەن زیرەك گڕ لە ناڵەشکێنە بەر ئەدا و قاڵەمەرە بە پانتایی
گشت کوردستان دەزیرێنی
تەماشاکەن مەهاباد و کۆنگرەی هاتنەوە ی دکتۆر
داستانی ڕاستانی کۆمارە دەژێتەوە "
هەستن ئەی گەورەپیاوانی مێژوو هەستن
کوردستانم بە شەهیدەوە لە پێشوازی ئێوە دایە
هۆ دوکتۆر!
تەماشا کە هەزاران شەهیدی پاك وەك باران
لە گۆرستان و مەزاران چۆن شێتانە هەڵدەپەرن

وانەکانتیان لە بیرە بە سەر خەما تێدەپەرن
هۆ بارزانی بە بارزانی سەرکەشەوە
هۆ شیخ مەحموود بە قامووسی دەولەتی کوردییەوە
هۆ شێخ رەزا بە حیماسەوە
هۆ سمکۆ!
رۆح تینووی دادپەروەری
بە پیانو وبە رۆژنامەو بە تابلۆیەکی سەرکەشیەوە
وەرن... ورەن
ئامادە بن کۆنگرەی مەرگی خەمە و
هەر ئێستاکە
لە گەڵ نیشتنەوەی فرۆکەی کوردستان ئەیردا دەکرێتەوە
هەستە مینا قازی هەستە
تەماشاکە
جەلادەکەم چەندە پەستە
هەستە قازی شار پرە لە شەهید و گوڵ و جوانی
بارزانی میوانتە و
ملیۆنان درەخت و کانی
چراکانم وەك 24 هەتا خوا
هەتا مێژوو
هەتا ئینسان
ئازادی دەچرنەوە
شەهید بە سروودەوە دا ئەکا و
قاسملووش بارەگای تاراوگەی پێشکەشی کۆترێك دەکات
هێلێن مەگری
تۆ بە تەنیا ژنێك نەبووی
ژوانەوانی پێغەمبەری ئاشتی بووی
هێلێن مەگری
کە تۆ بگری
چەك و سەنگەر و خوا دەگرین
نا جوانە... نا مەگری
کە تۆ بگری
دیمۆکرات و ئالا و پێشمەرگە وبەیان دەگرین
دڵنیا بە
فەرشی عەرشم
لە بەر پێی شا شەهیدەکەت راخستووە
دڵنیا بە تۆزی غوربەت بەم زووانە گۆری یارت بە جێدێڵی
نا مەگری
17 ساڵە نەك کوردستان هەموو جیهانی دیمۆکرات
لە باتی چاوەکانی خوا

بەخور دەگرین
بەسەر تەرمی گەرمی قاسملوودا
ها ها ها ها
تیشك تیڤی
هەڵكە برووسكەی یاخیبوونی شەهید
جار لێبدە
کە دێنەوە کاك دکتۆر و کاك سەعید
تۆ دەزانی سیمات لە گاتاکان و نیروانا و ئاگر دەچی
ئاخر... ئەتۆ لە نێو دڵی قاسملوورا ئەژی و ئەدوی
ئەتۆش بڵێ بەم شانە ژنە میوانەی مێژووەمان
"هیلین مەگری "
وا دێتەوە شۆرسواری نیشتیمانی چاوەنواران
دەشتی کۆیە سەفەر دەکا و لە رۆژهەڵا ت دەگیرسێتەوە و
کۆتایی دی پاییزی ژیان!
2706/4/16کوردستانی ئازاد/کوردێکی رۆژهەڵاتی